www.kurdistannet.org
18-2-2007 20:04 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## سەرنجێک لە ژیانی پر فەری پێغەمبەر ... سەردار خالد. هەولێر

ئەگەر بەیەکەوە سەرنجێک لە ژیانی پر فەری پێغەمبەر بدەین درودی خوای لەسەر بێت، دەبینین بە کۆمەڵێک مەرحەلەو حاڵەتی سەخت و نەبونی و هەژاری و یەتیمی و دوور لە نازی دایک و باوک و سۆزی خزمانی بەسەر اهاتووە کە بە گوێرەی مەکانەتی ئەو نەدەبوو کەسێک کە گرۆی مرۆڤایەتی چاوەروانیەتی توشی ئەو نەبونی و دەردی سەریە بێت و ژیانێکی کەمتر لە سادەی هەبێت، بەڵام قەدەری خوایی وایە کە دەبێت ئەو منداڵە بە یەتیمی گەورە بێت و غیرەتی لە باوکەوە و نازی لە دایکەوە بۆ جێ نەمێنێ و تەنها خودا خۆی پەروەردەی بکات و ئامادەی بکات بۆ ئەو رۆژە سەختانەی لە چاوەروانیدان.
لێرەدا مەبەستمە ئەوەی بیر بخەمەوە کە رۆژگارێک لەژێر سایەی باپیرەی و دواتر مامی و پاشان ئاوارەیی و ماڵی ئامۆزاکانی و بێخانە خۆییی، تائەوکاتەی خودا ئاوری رەحمەتی لێداوەو خەدیجەی دایکمان کەسێکی نارد بە محمد بلێن ئەگەر ژن دێنێت ئەوا من رازیم شوی پێ بکەم، لە وەلامی ئەو ژنەدا کە پێی گوت محمد بۆ ژن نایەنیت؟ سەرەوەریشمان بە هەستێکی ناست و دەنگێکی کزۆڵ کە ئاسمانەکان دێننە گریان و رەحمی خوایی دێننە جۆش وەڵامی دایەوە فەرمووی (جامن هیچم نیە!!! کێ ژن بەمن دەدات) .
ئا لێرەدا خودا خۆی دێتە هانای و تا ئەبەد ناوی بە نەمری دێڵێتەوەو لە هەر شوێنێک ناوی (اللە) بیت دەبێت ناوی (محمد) یشی لەگەڵ بێت درودی لەسەر بێ.
(ورفعنا لک ژکرک) لەهەر شوێنێکی ئەم جیهانەو هەر قوژبنێکی ئەم دونیایە تا ئەو کاتەی دوایین نەوەی ئادەم هەناسە ئەکێشێت دەبێ ناوی محمد بە بەرزی رابگرن و تەنانەت ئەو دڵدانەوە خواییە بوو ئەمرۆ لە سەرانسەری جیهان ناوی محمد لە هەموو ناوێک زیاترە!!!!!.
کەسێک کە لەناو وڵات و شاری خۆی شوێن و ماڵ و حاڵی نەبوو، تەمەنی هەمووی بۆ خەڵک ژیان بوو نەوەک بۆ خۆی، خودا سوێند بەو تەمەنەی ئەخوات و هەموو گرۆی مرۆڤایەتیش ئاگادار دەکاتەوە لەوەی کە خودا هەر کات پشتگیری لە خۆشەویستەکەی دەکات و دەستبەرداری نابێت.
بەڵێ ئیستاشی لەگەڵ بێت (محمد) سەلات وسەلامی خوای لەسەر ئەو ناوە نەمرەیە کە جیهان ئومێدی پێی هەیەو زانا و بلیمەتەکان لەبەردەمیدا چۆک دادەدەن و سۆزدارەکان بۆی دەگرین.
(محمد) سەلات وسەلامی خوای لەسەر کە خودا ناوی بەرز راگرتووە تا ئەبەد لەگەڵ بیستنی ناویدا گریان بەرۆکی چاوەکان ئەگرێت.
هەزاران درودو سەلامی لەسەر بێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.